www.kurdistannet.org
16-9-02 00:06:23

**THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-BRITAIN**
**POBOX1575**
**ILFORD IG1 3BZ**

---

## نـــــــامەيـــەكى سەر ئـــــاوەڵە بۆ حكومـــەتى هوڵـــندا ونەرويـــج

هەروەك لەهەوالەكانى دوێنىٚ ٢٠٠٢/٩/١٣ ئاگادار بوومەوە كە مەلاكريكار يەكێك لەرابەرى گروپێكى تيرۆريستى بە ناوى " انصار الاسلام" لەيەكێك لەمەتارەكانى ئومستردام لەوولاتى ئيوەدا لەلايەن پۆليسەوە دەسگيركراوە.ناوبراو بەپىٚى ئەو كارە تيرۆريستىيانەى كە تائيستا لەشارەكانى كوردستان لەدژى ژنانو مامۆستايان و رۆشنبيرانى علمانى و كەسايەتى سياسى وخەلكى مەدەنى ئەنجامى داوە و و ئيمە شاهيدين بەسەريانەوە موستەهەقى ئەوەيە كەلەدادگايەكى نيونەتەوەيىدا دادگايى بكرى و لەدۆسىى ليكۆلينەوەدا سزاى تاوانەكانى بدرىٚ.

ئيمە لەفيدراسيۆنى پەنابەرانى عيراقىيەوە تائيستا بەسەدان كەسيى پەنابەرى كوردى عيراقيمان لەبەردەستتايە، بەتايبەتى ئەوانەى كەدانيشتووى ناوچەكانى خورمال، تەويلە و بيارە وهەلەبجەبوون و بەهۆى هەرەشەو كارنامەى ئينسان كوژى مەلاكريكارو باندەكەيەوە هەلهاتوونو روويانكردۆتە وولاتانى ئەوروپايى، هەرلەم بارەوە ئيمە داواتان ليدەكەين كە لاپەرەى دۆسىێ پەنابەرانى كوردى عيراقى كەهەر ئيستا لەبەردەم دائيرەى پەنابەريتى ئيوەدا بيوەلام راگيراوە، هەلدەنەوە تا بزانن چەند دەيان كەسيان لەترسى هەرەشەى كوشتنو سەرپەراندن و چاو هەلكۆلينى ئەم تيرۆريستەو باندەكەى هەلهاتوون و روويان لەوولاتى ئيوە ناوە.

من وەكو بەرپرسى فدراسيونى گشتى پەنابەرانى عيراقى لە بەريتانيا بەدلنيايىيەوە ئامادەيى خۆم رادەگەيەنم كەلەدادگايەكى نيو نەتەوەيدا زنجيرەى تاوانە انسان كوژيەكانى (ملا كريٚكار)وئەو جموجولە تيروريستيىيانەى كە باندەكەى دژ بەخەلكى مەدەنى كوردستان ئەنجامى داوە بژميٚرم بيان سەلمينم.جاريكى تر داواكارم (ملاكريٚكار)وەك تاوانباريكى تيروريستى ئيسلامى بدرىٚ بە داداگايەكى ئاشكراوعادلانەى نيٚونەتەوەى تاسزاى خۆى وەربگرىٚ.

**دەشتى جەمال**
**بەرپرسى فدراسيونى گشتى پەنابەرانى عيراقى**
**لەبەريتانيا**